له بڵاو كراوەكانی ماڵپەڕی بەهەشت

# ئايا شەيتان كافره

# يان نا ؟!

وەرگێڕانی بەدەسكاريەوە

زريان سەرچناری

------------------------------------------------------------------------

ماڵپەری بەهەشت

ba8.org

ماڵپەڕێكی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوكردنەوەی ئەو ئیسلامەیە كە سەلەفی صالّح - پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێكی حیزبی نیە.

## ماڵپەری بەھەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر رێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە رەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاك بەو شێوەیەیی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەھەشت**

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ، وأشهد ألا إله إلا الله ولى الصالحين، وأشهد أن محمدًا عبده ورسوله النبى الأمين، اللهم حبب إلينا الإيمان وزينه فى قلوبنا، وكره إلينا الكفر والفسوق والعصيان، واجعلنا من الراشدين، وبعد:

ئەم لێکۆڵینەوەیە دەربارەی (شەیتان)ی نەفرین لێکراوە، خوا پەنای هەمولایەکمان بدات لێی، نەمویست هیچ بنوسم دەربارەی تا ئەو کاتەی کەسێکم بینی پرسیاری لەیەکێك لەزانایان کردو گوتی: ( **ئایا شەیتان کافرە؟** ئەی ئایا شەیتان بە خوای گەورەی نەگوتووە:﴿فَبِعِزَّتِكَ لَأُغۡوِيَنَّهُمۡ أَجۡمَعِينَ ﴾.

واتە: شەیتان گوتی: سوێند بە گەورەیی و دەسەڵات تۆ، دەبێت هەمویان سەرگەردان بکەم.

ئایا ئەمە بەڵگەیەك نییە لەسەر ئەوەی بڕوای بەبونی خوا هەیە؟ وە لەگوتەی ئەو بەڕێزەوە ئەوەم بۆ ڕون بۆوە کەیەکێك لەبانگخوازان گوتویەتی: شەیتان کافر نییە و هەندێك کەس بەرپەرچیان داوەتەوە.

بەڕاستی لەلێکولێنەوەی زانستیدا دەربارەی گوتەیەك، واپێویست دەکات کە لێکۆڵەرەوەکە تەماشای ئەو کەسە نەکات کەگوتەکەی گوتووە، بەڵکو پێویستە تەنها گوتەکەی بخاتە ژێر لێکۆڵینەوەو خوێندنەوەی بۆبکات تا بەیارمەتی خوای

گەورە دەگاتە ئەنجام و ڕاستی بۆ ڕون دەبێتەوە، بۆیە گوتراوە: (لا تعرف الحق بالرجال، ولكن اعرف الحق تعرف أهله) واتە: ڕاستی بە خەڵکدا مەناسەرەوە، بەڵکو ڕاستی بناسە دوایی خۆت خاوەن حەق و ڕاستی دەناسیت.

دواتر سەرجەم بەڵگەکان کۆدەکاتەوە لەو بارەیەوە بەشێوەیەك بتوانێت هەمو لایەنەکانی ئەو باسە ببینێت.

## سەرەتا بە پشتیوانی خوای گەورە دەڵێم:

لەوانەیە ئەو کەسەی کە گوتویەتی شەیتان کافر نییە تەنها لەبەر ئەوە گوتبێتی چونکە شەیتان سوێندی بەدەسەڵاتی خوای گەورە خواردووە وەك لەقورئاندا بۆمان گێڕدراوەتەوە کە گوتویەتی:﴿ قَالَ فَبِعِزَّتِكَ لَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٨٢﴾ ﴾( ص).

واتە: شەیتان گوتی: سوێند بەگەورەیی و دەسەڵاتی تۆ، دەبێت هەمویان سەرگەردان بکەم.

ئیتر وا بزانێت چونکە بڕوای بەبونی خوا هەیە ئەوە کافر نییە! بۆیە لەم ڕوانگەیەوە پێی وابووە دەبێت سەرجەم ئەو ئایەتانەی تر کەشەیتان بە کافر ناودەبات هەموی والێك بدەینەوە کە مەبەست پێی سەرپێچییە نەك کافربوون!

**بەڵام بەخوێندنەوەو بەدواداچونی ئایەتەکانی قورئان ئەمەی لای خوارەوەمان بۆ دەردەکەوێت:**

کافربون بەتەنها مانای ئینکاری کردنی بونی خوا ناگەیەنێت، بەڵکو ئینکاری کردنی بونی خوا تەنها جۆرێکە لەجۆرەکانی کافربوون، بە بەڵگەی ئەوەی خوای گەورە دەربارەی تەنها یەك کۆمەڵ لە بێ باوەڕان فەرمویەتی:﴿ وَقَالُواْ مَا هِيَ إِلَّا حَيَاتُنَا ٱلدُّنۡيَا نَمُوتُ وَنَحۡيَا وَمَا يُهۡلِكُنَآ إِلَّا ٱلدَّهۡرُۚ وَمَا لَهُم بِذَٰلِكَ مِنۡ عِلۡمٍۖ إِنۡ هُمۡ إِلَّا يَظُنُّونَ ﴿٢٤﴾﴾( الجاثية).

واتە: دەیانگوت: زیندوبونەوە نییە، تەنها ئەم ژیانی دونیایەیە، دەژین و دەمرین و ئەویش هەر ڕۆژگارە لەناومان دەبات، هەرچەندە ئەوان دەربارەی زیندوبونەوە هیچ زانیاریەکیان نەبوو تەنها بەگومانی خۆیان ئەمەیان دەگوت.

ئەم کەسانە لەبەر ئەوە بێ باوەڕن چونکە بەتەواوەتی ئینکاری بونی خوا دەکەن و دەڵێن تەنها سروشت بەدیهێناون و دەیانژێنێت و هەرئەویشە لەناویان دەبات!

کەواتە کافربون تەنها ئینکاری کردنی بونی خوا نییە، ئەگەر وابێت ئەی چۆن ئەم ئایەتانە لێك بدەینەوە کە خوای گەورە دەربارەی کافرەکان دەفەرموێت:﴿ وَلَئِن سَأَلۡتَهُم مَّنۡ خَلَقَهُمۡ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُۖ فَأَنَّىٰ يُؤۡفَكُونَ ﴿٨٧﴾﴾ (الزخرف).

واتە: ئەگەر پرسیاریان لێبکەیت ئەی کێ دروستی کردون؟ بێگومان دەڵێن الله، کەواتە بە چی درۆو بوختانێك هەڵدەخەڵەتێن؟.

وە دەفەرموێت: ﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ خَلَقَهُنَّ الْعَزِيزُ الْعَلِيمُ ﴿٩﴾ ﴾( الزخرف).

واتە: ئەگەر پرسیاریان لێبکەیت کێ ئاسمانەکان و زەوی دروست کردووە؟ دەڵێن بەڕاستی خودای بەتواناو زانا دروستی کردون.

وە دەفەرموێت: ﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَسَخَّرَ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ ۖ فَأَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ ﴿٦١﴾ ﴾( العنكبوت).

واتە: وە ئەگەر لێیان بپرسیت کێ ئاسمانەکان و زەوی دروست کردووە وەکێ ڕۆژو مانگی بۆ دابینکردون، ئەوا دەڵێن الله ئیتر چۆن فریو دەخۆن.

وە دەفەرموێت: ﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّن نَّزَّلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَحْيَا بِهِ الْأَرْضَ مِن بَعْدِ مَوْتِهَا لَيَقُولُنَّ اللَّهُ ۚ قُلِ الْحَمْدُ لِلَّهِ ۚ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ ﴿٦٣﴾ ﴾ ( العنكبوت).

واتە: وەئەگەر پرسیاریان لێبکەیت کێیە باران لە ئاسمانەوە دەبارێنێت و زەوی پێ دەژێنێتەوە پاش مردنی، ئەوا دەڵێن الله یە، تۆش بڵێ سوپاس بۆخوا "کەئەو ڕاستیە دەزانن" هەرچەندە زۆربەشیان تێناگەن.

بەبەڵگەی ئەو ئایەتانەی سەرەوە ئەو بێ باوەڕانەی کە خوای گەورە باسیان دەکات و بەکافر ناویاندەبات، خۆ دانیان ناوە بە بونی خوادا وە هەروەها دانیان ناوە بەوەدا کە خوای گەورە دروستی کردون، وە هەر خوای گەورە بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەویەو خۆرو مانگی دابین کردووە، وەهەر ئەو خوایەیە کە باران دەبارێنێت و زەوی دەبوژێنێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو دان پێدانانەیان سودی پێ نەگەیاندن و هەر دژایەتی پێغەمبەرانیان دەکردو هەر بەو شێوەیە مانەوە کە دژایەتی ڕێگای ڕاستی خوا بکەن و بەرپەرچی بدەنەوە.

**کەواتە هەرچەندە شەیتان سوێندی خواردوە بە خوا، بە خوێندنەوەو بەدوادا چون، ئەمەی خوارەوەمان بۆ دەردەکەوێت:**

زۆربەی ئوممەتە کافرەکان کە قورئان بەکافری ناوبردون سوێندیان خواردووە بە الله، لەگەڵ ئەوشدا ئەو سوێندخواردنەیان سودی پێنەگەیاندون و بە کافری ماونەتەوە، خوای گەورە دەفەرموێت﴿ وَأَقۡسَمُواْ بِٱللَّهِ جَهۡدَ أَيۡمَٰنِهِمۡ لَئِن جَآءَتۡهُمۡ ءَايَةٞ لَّيُؤۡمِنُنَّ بِهَاۚ قُلۡ إِنَّمَا ٱلۡأٓيَٰتُ عِندَ ٱللَّهِۖ وَمَا يُشۡعِرُكُمۡ أَنَّهَآ إِذَا جَآءَتۡ لَا يُؤۡمِنُونَ ١٠٩﴾( الأنعام).

واتە: بێ باوەڕان زۆر بەڕاشکاوی سوێندیان دەخوارد بە ﷲ دەیانگوت ئەگەر موعجیزەیەکمان بۆ بێت ئەوا بێگومان باوەڕدەهێنن. بڵێ ئاخر موعجیزەو نیشانەکان بەدەست خوایە، ئێوە هەست ناکەن ئەگەر ئەو داخوازیەشتان جێبەجێ بکرێت هەر باوەڕ نەهێنن؟ .

وە دەفەرموێت:﴿وَأَقۡسَمُواْ بِٱللَّهِ جَهۡدَ أَيۡمَٰنِهِمۡ لَا يَبۡعَثُ ٱللَّهُ مَن يَمُوتُۚ بَلَىٰ وَعۡدًا عَلَيۡهِ حَقّٗا وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ ٣٨﴾( النحل)

واتە: بێ باوەڕان سوێندیان بە ﷲ دەخوارد، دەیانگوت هەرکەس بمرێت خوا زیندوی ناکاتەوە، بەڵێ چۆن زیندویان ناکاتەوە؟ ئەوە پەیمانێکی ڕاستی خوایە، بەڵام زۆرینەی خەڵك ئەو ڕاستییە نازانن.

وە دەفەرموێت:﴿ وَأَقۡسَمُواْ بِٱللَّهِ جَهۡدَ أَيۡمَٰنِهِمۡ لَئِن جَآءَهُمۡ نَذِيرٞ لَّيَكُونُنَّ أَهۡدَىٰ مِنۡ إِحۡدَى ٱلۡأُمَمِۖ فَلَمَّا جَآءَهُمۡ نَذِيرٞ مَّا زَادَهُمۡ إِلَّا نُفُورًا ٤٢﴾ ( فاطر).

واتە: بێ باوەڕان سوێندیان دەخوارد بە ﷲ ئەگەر پێغەمبەرێکیان بۆ بێت ئاگاداریانبکاتەوە ئەوا لە سەرجەم نەتەوەکان ئیماندارتر دەبن، کەچی کە ئاگادارکەرەوەیەکیان بۆهات زیاتر سەرەڕۆو دورەپەرێز بوون).

وە دەفــــــــەرموێت: ﴿قَالُواْ تَقَاسَمُواْ بِٱللَّهِ لَنُبَيِّتَنَّهُۥ وَأَهۡلَهُۥ ثُمَّ لَنَقُولَنَّ لِوَلِيِّهِۦ مَا شَهِدۡنَا مَهۡلِكَ أَهۡلِهِۦ وَإِنَّا لَصَٰدِقُونَ ٤٩﴾ ( النمل).

واتە: هەمویان سوێندیان بۆ یەکتر خوارد بە الله، کە ئەمشەو دەدەین بەسەر صالح پێغەمبەرداو خـۆی و خانەوادەکـەی تەفروتونادەکـەن، پاشـان بەدۆسـت وبرادەرەکانی دەڵێین ئێمە ئاگاداری لەناوچونیان نین، خۆشتان دەزانن ئێمە ڕاستگۆین .

سەیری ئەو گومڕاییە گەورەیەیان بکە کەتێی کەوتون، سوێند دەخۆن بەخوا کە کاتی شەو پێغەمبەرەکەیان و ماڵ ومنداڵی لەناوبەرن، هەروەك چۆن شەیتان سوێندی خوارد بەدەسەلآت خوا کە سەر لەنەوەی ئادەم بشێوێنێت، جا ئایا ئەو سوێند خواردنەیان بەخوا هیچ سودێکی پێگەیاندن؟! (ئایا لە کافر بونەوە کردنی بە ئیماندار؟).

**هەروەها لە قورئاندا باسی ئەو کەسانەشمان بۆ کراوە کە لە ناخی خۆیاندا ڕاستییان زانیوە لەگەڵ ئەوەشدا خۆ بەزلزانین وای لێکردون کە بەرپەرچی ئەو ڕاستیەی ناو ناخی خۆیان بدەنەوە:**

خوای گەورە دەفەرموێت:﴿وَجَحَدُواْ بِهَا وَٱسْتَيْقَنَتْهَآ أَنفُسُهُمْ ظُلْمًا وَعُلُوًّا ۚ فَٱنظُرْ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلْمُفْسِدِينَ ﴿١٤﴾﴾( النمل).

واتە: بەهۆی ستەمکاری و خۆ بەزلزانیەوە ململانێیان دەکرد، هەرچەندە لە ناخی خۆشیاندا دەیانزانی کە ڕاستە، سەیربکە سەرەنجامی خراپەکاران چۆن بوو.

ئایا ئەو زانینەی ناو دڵ و دەرونیان هیچ سودێکی هەبووە، کە سەرەڕای ئەوەش لەبەر خۆ بەزلزانینیان بەرپەرچی ئایەتەکانی خوای گەورەیان داوەتەوە؟!

**هەروەها ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە چەند کۆمەڵێك لە بێ باوەڕان داوای سزاو ناڕەحەتییان کردووە لەخوا:**

خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ وَإِذْ قَالُواْ ٱللَّهُمَّ إِن كَانَ هَٰذَا هُوَ ٱلْحَقَّ مِنْ عِندِكَ فَأَمْطِرْ عَلَيْنَا حِجَارَةً مِّنَ ٱلسَّمَآءِ أَوِ ٱئْتِنَا بِعَذَابٍ أَلِيمٍ ﴿٣٢﴾﴾( الأنفال).

واتە: وەکاتێك کە دەیانگوت خوای گەورە ئەگەر ئەم ئایینە حەقەو ڕاستە و لەلای تۆوە هاتووە ئەوا لە ئاسمانەوە بەرد ببارێنە بەسەرماندا، یان ئەشکەنجەیەکی بەژانمان بۆ بنێرە.

ئایا ئەو داواکارییەیان لە خوای گەورە بۆتە هۆی ئەوەی کە کافر نەبن و بە موسوڵمان بژمێردرێن؟!

## وە دەبینین کۆمەڵێك لە بێ باوەڕان شیرك و گومڕایی خۆیان دەخستە سەر ویستی خوا:

خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ سَيَقُولُ ٱلَّذِينَ أَشْرَكُواْ لَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَآ أَشْرَكْنَا وَلَآ ءَابَآؤُنَا وَلَا حَرَّمْنَا مِن شَيْءٍۚ كَذَٰلِكَ كَذَّبَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ حَتَّىٰ ذَاقُواْ بَأْسَنَاۗ قُلْ هَلْ عِندَكُم مِّنْ عِلْمٍ فَتُخْرِجُوهُ لَنَآۖ إِن تَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَإِنْ أَنتُمْ إِلَّا تَخْرُصُونَ ﴿١٤٨﴾ قُلْ فَلِلَّهِ ٱلْحُجَّةُ ٱلْبَٰلِغَةُۖ فَلَوْ شَآءَ لَهَدَىٰكُمْ أَجْمَعِينَ ﴿١٤٩﴾ ﴾ (الأنعام).

واتە: پاشان موشریکەکان دەڵێن ئەگەر خوای گەورە ویستی لێبوایە نەخۆمان و نەباووباپیرانمان شیرکمان نەدەکردو هیچمان لەخۆمان حەرام نەدەکرد، ئەوانەی پێش ئەمانیش هەر ئەو درۆیانەیان دەکرد تا ئەو کاتەی سزای ئێمە یان چەشت، بڵێ: ئایا هیچ زانیاریەکتان هەیە "لەسەر ئەم گوتەیەتان" کە بۆمان دەربێنن؟

ئێوە تەنها دوای گومان دەكەون. وە ئێوە درۆ دەكەن و بەس* بڵێ: كەواتە بەڵگەی ڕون و ئاشكرا تەنها لەلای خواوەیە، بۆیە ئەگەر ویستی لێبوایە هەموتانی ڕێنمونی دەكرد.

ئایا دان نانیان بە بونی خواداو بە ویستی خوا (مشيئة الله) بووە هۆی لادانی شیرك و گومڕایی لەسەریان؟! خۆ ئەوان خراپەكانی خۆیان دەگەڕاندەوە بۆ (مشيئة الله وقدره) كە خوای گەورە بەڕاستی داناوەو لە كۆتایی ئایەتەكەدا فەرمویەتی ﴿فَلَوْ شَآءَ لَهَدَىٰكُمْ أَجْمَعِينَ﴾ تەنها ڕەخنەی لەوەدا لێگرتوون كە پاكانەی شیرك و گومڕاییەكەی خۆیانیان داوەتە پاڵ قەدەرو ویستی خوا، ئایا دان نانیان بەو ڕاستیانەدا هیچ سودێكی پێگەیاندون؟!

**وە دەبینین ژمارەیەك لە ئایەتەكانی قورئان باسی دەوری ئیبلیس و شەیتان دەكەن كە چۆن هانی خەڵك دەدەن بۆ كوفرو گومڕایی و لادان و كوفریان لەلا دەڕازێننەوە:**

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿تَٱللَّهِ لَقَدْ أَرْسَلْنَآ إِلَىٰٓ أُمَمٍ مِّن قَبْلِكَ فَزَيَّنَ لَهُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ أَعْمَٰلَهُمْ فَهُوَ وَلِيُّهُمُ ٱلْيَوْمَ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ٦٣﴾( النحل)

واتە: سوێند بەخوا پێغەمبەرانمان ناردووە بۆ ئوممەتەکانی پێش تۆش، بەڵام شەیتان کردەوە خراپەکانی بۆ ڕازاندنەوە ئەمڕۆ هەر ئەو پشتیوانیانە، بۆیە سزای بە ئێشیان بۆ هەیە).

وە دەفەرموێت: ﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّا أَرْسَلْنَا الشَّيَاطِينَ عَلَى الْكَافِرِينَ **تَؤُزُّهُمْ أَزًّا**﴾ ( مريم ٨٣)

واتە: ئایا نابینیت ئێمە چۆن شەیتانەکانمان ناردۆتە سەر بێباوەڕان؟ ئەوانیش دەیانبزوێنن و هانیان دەدەن بۆ خراپە).

وە دەفەرموێت: ﴿وَعَادًا وَثَمُودَ وَقَد تَّبَيَّنَ لَكُم مِّن مَّسَاكِنِهِمْ **وَزَيَّنَ** لَهُمُ الشَّيْطَانُ أَعْمَالَهُمْ **فَصَدَّهُمْ** عَنِ السَّبِيلِ وَكَانُوا مُسْتَبْصِرِينَ﴾( العنكبوت ٣٨).

واتە: وە هۆزی "عاد" و "سەمود"مان لەناوبردن، شوێنەواریشیان هێشتا ماوە لەبەر چاوتاندا، شەیتان کاری خراپیانی بۆ ڕازاندنەوە و وێڵی کردن لە ڕێگای من، هەرچەندە چاوکراوەش بوون.

وە دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ اتَّبِعُوا مَا أَنزَلَ اللَّهُ قَالُوا بَلْ نَتَّبِعُ مَا وَجَدْنَا عَلَيْهِ آبَاءَنَا أَوَلَوْ كَانَ الشَّيْطَانُ **يَدْعُوهُمْ إِلَى عَذَابِ السَّعِيرِ**﴾( لقمان).

واتە: ئەگەر پێیان بگوترێت شوێن ئەو ئایینە بکەون کە خوا دایبەزاندووە بۆتان، دەڵێن بەڵکو شوێن ئەو ئایینە دەکەوین کە باووباپیرمانی لەسەربووە، ئایا ئەگەر شەیتانیش بانگیان بکات بۆ سزای داگیرساو "هەر شوێنی دەکەون".

وه دەفەرموێت:﴿اسْتَحْوَذَ عَلَيْهِمُ الشَّيْطَانُ **فَأَنسَاهُمْ** ذِكْرَ اللَّهِ أُوْلَئِكَ حِزْبُ الشَّيْطَانِ أَلَا إِنَّ حِزْبَ الشَّيْطَانِ هُمُ الْخَاسِرُونَ﴾( المجادلة ١٩).

**واته: شەیتان زاڵبووه بەسەریانداو زیکری خودای لەیاد بردونەتەوه، ئائەوانە حزبی شەیتانن، بەڕاستی حزبی شەیتانیش هەمیشه خەسارەتمەندن.**

**وه دەفەرموێت:** ﴿كَمَثَلِ الشَّيْطَانِ **إِذْ قَالَ لِلْإِنسَانِ اكْفُرْ** فَلَمَّا كَفَرَ قَالَ إِنِّي بَرِيءٌ مِّنكَ إِنِّي أَخَافُ اللَّهَ رَبَّ الْعَالَمِينَ * فَكَانَ عَاقِبَتَهُمَا أَنَّهُمَا فِي النَّارِ خَالِدَيْنِ فِيهَا وَذَلِكَ جَزَاء الظَّالِمِينَ﴾( الحشر ١٦- ١٧)

**واته: وەنمونەیان وەك شەیتان وایە کاتێك بە ئادەمیزاد دەڵێت کافربە، جا کەکوفری کرد، پێی دەڵێت من بەریم لەتۆ من لە خوای پەروەردگاری جیهانەکان دەترسم* بۆیە سەرەنجامی هەردوکیان بۆ ناو ئاگری دۆوەخەو بە هەمیشەیی تێیدادەمێننەوه، ئەوەیە پاداشتی ستەمکارەکان.**

**وه دەفەرموێت:** ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ آمَنُواْ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَا أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ يُرِيدُونَ أَن يَتَحَاكَمُواْ إِلَى الطَّاغُوتِ وَقَدْ أُمِرُواْ أَن يَكْفُرُواْ بِهِ **وَيُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَن يُضِلَّهُمْ ضَلاَلاً بَعِيدًا**﴾( النساء ٦٠).

**واته: ئایا ئەوانەت نەبینیوه کە بەگومانی خۆیان باوەڕیان بەو کتێبەی بۆتۆ دابەزیوەو بەو کتێبانەش بەر لەتۆ دامان بەزاندون، کەچی دەیانەوێت طاغوت و**

ملهوڕەکان دادوەریانبکەن، هەرچەندە فەرمانیان پێکراوە کە بڕوای پێنەکەن، شەیتانیش دەیەوێت بەتەواوەتی گومڕایان بکات.

ە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّبِعُوا خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ وَمَن يَتَّبِعْ خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ **فَإِنَّهُ يَأْمُرُ بِالْفَحْشَاء وَالْمُنكَرِ** وَلَوْلَا فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ مَا زَكَا مِنكُم مِّنْ أَحَدٍ أَبَدًا وَلَكِنَّ اللَّهَ يُزَكِّي مَن يَشَاء وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾( النور ٢١).

واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، شوێن هەنگاوەکانی شەیتان مەکەون وەهەرکەس شوێن هەنگاوەکانی شەیتان بکەوێت ئەوا فەرمانی پێدەکات بە کردارو گوفتاری خراپ، خۆ ئەگەر چاکەی خوا نەبوایە بەسەرتانەوە ئەوا هیچ کام لە ئێوە هەرگیز پاك نەدەبونەوە بەڵام خوای گەورە ویستی لێبێت کێی بوێت پاکی دەکاتەوە، خواش بیسەرو زانایە.

وە دەفەرموێت: ﴿يَا بَنِي آدَمَ لاَ **يَفْتِنَنَّكُمُ** الشَّيْطَانُ كَمَا أَخْرَجَ أَبَوَيْكُم مِّنَ الْجَنَّةِ يَنزِعُ عَنْهُمَا لِبَاسَهُمَا لِيُرِيَهُمَا سَوْءَاتِهِمَا إِنَّهُ يَرَاكُمْ هُوَ وَقَبِيلُهُ مِنْ حَيْثُ لاَ تَرَوْنَهُمْ إِنَّا جَعَلْنَا الشَّيَاطِينَ أَوْلِيَاء لِلَّذِينَ لاَ يُؤْمِنُونَ﴾( الأعراف ٢٧).

واتە: ئەی نەوەکانی ئادەم شەیتان فریوتان نەدات وەك چۆن دایك و باوکتانی فریوداو بووە هۆی دەرکردنیان لەبەهەشت، هەوڵیدا ببێتە هۆی داکەندنی جلوبەرگیان تا شەرمگەی خۆیان نیشان بدات، چونکە شەیتان و هاوشێوەکانی

ئێوە دەبینن لە کاتێکدا ئێوە ئەوان نابینن، ئێمە شەیتانمان کردووە بە دۆستی ئەوانەی باوەڕناهێنن.

ئەگەر شەیتان ڕازی بێت بە کوفرو فەرمان بکات بەخەڵك کە کافربن و بیرازێنێتەوە بۆیان و ببێتە سەرکردەیان، ئایا کەواتە هەر شەیتان سەرکردەو پێشەوای فیرعەون و هامان و ئەبوجەهل و سەرجەم بێ باوەڕان نی یە بەدرێژایی مێژو؟ ئایا دەگونجێت شوێنکەوتوەکانی کافربن و سەرکردەو پێشەواکەیان کە خەڵەتاندونی و گومڕای کردوون خۆی کافرنەبێت کە شەیتانە؟! ئایا دەگونجێت (حزب الشيطان) کافربێت بەڵام شەیتان خۆی کافر نەبێت؟!

## تەنانەت کار گەیشتۆتە ئەوەی کە شەیتان وای لەخەڵك کردووە کە خۆی بپەرستن و ڕازیە بەوەو بانگەشەی بۆ دەکات:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَلَمْ أَعْهَدْ إِلَيْكُمْ يَا بَنِي آدَمَ أَن <u>**لَّا تَعْبُدُوا الشَّيْطَانَ**</u> إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ﴾( يس ٦٠).

واتە: نەوەی ئادەم! ئەی من پێم ڕانەگەیاندن کە شەیتان مەپەرستن چونکە ئەو دوژمنێکی ئاشکرای ئێوەیە.

کەواتە هەرکەسێك گوێڕایەڵی شەیتان بکات و هەرشتێکی تر جگە لە ﷲ بپەرستێت ئـەوە وەك ئـەوە وایـە کـە شـەیتانی پەرسـتبێت! هەربۆیـە خـوای گـەورەش فەرمویەتی ﴿أَن لا تَعْبُدُوا الشَّيْطَانَ﴾لەگەڵ ئەوەشدا گومڕاکـان مەبەسـتیان نـەبووە کە شەیتان بپەرستن، بەڵکو تەنها بە گوێڕایەڵ کردنی دەیکەنە پەرستراوی خۆیـان بەبێ ئەوەی هەستی پێبکەن.

ئیتر ئەگەر شەیتان پەرستنی خۆی بڕازێنێتـەوە بـۆ هەنـدێك لـە خـەڵك و تەنانـەت خۆیان ناوبنێن " عبدة الشيطان " واتە شەیتان پەرست، ئایا ئەو خەڵکـە کـافرن و شەیتان خۆی ئیماندارە؟! لە دوای ئەوەی کەخۆیشی بەو پەرستنە ڕازییە؟!

## چەندین ئایەتمان هەیە کە بە ڕاشکاوی ئیبلیس و شەیتانەکان بە کافر ناوبردووە:

خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلاَئِكَةِ اسْجُدُواْ لآدَمَ فَسَجَدُواْ إِلاَّ إِبْلِيسَ أَبَى وَاسْتَكْبَرَ وَكَانَ مِنَ الْكَافِرِينَ﴾( البقرة ٣٤).

واتە: کە بەفریشتەکانمان گوت سوجدە بەرن بۆ ئادەم یەکسەر هەموو سوجدەیان بـرد ئیبلـیس نـەبێت سەرپێچـی کـرد و خـۆی بەگـەورە زانـی و بـوو بەیـەکێك لـە کافرەکان.

وە دەفەرمویّت: ﴿وَمَا كَفَرَ سُلَيْمَانُ وَلَـكِنَّ الشَّيْاطِينَ كَفَرُواْ يُعَلِّمُونَ النَّاسَ السِّحْرَ﴾( البقرة ١٠١).

واتە: هەرگیز سولەیمان پێغەمبەر كافر نەبوو بەڵكو شەیتانەكان كافربوون "بە هۆی ئەوەوە" كە خەڵكیان فێری سیحر دەكرد.

وە دەفەرمویّت: ﴿... وَكَانَ الشَّيْطَانُ لِرَبِّهِ كَفُورًا﴾( الإسراء ٢٧).

واتە: شەیتانیش زۆر كافرو بیّ باوەڕە بە پەروەردگاری خۆی.

ئایا لە دوای شكاندنی فەرمانی خواو خۆ بەزلزانین و خۆ بەرزڕاگرتنی بەرامبەر خوای گەورە، ئایا یەك زەرە ئیمان لە ناخیدا ماوە؟!

**ژمارەیەك لە ئایەتەكان باسی ئەوە دەكەن كە شەیتان بە هەتا هەتایی لە ئاگری دۆزوخدا دەمێنێتەوە، وەكو زانراویشە لە بیروباوەڕی ئەهلی سوونەدا مانەوەی هەتاهەتایی لە دۆزەخدا تەنها بۆ ئەو كافرانەیە كە كوفری هەرەگەورەیان ئەنجامداوە(الكفر الأكبر).**

خوای گەورە دەفەرمویّت: ﴿كَمَثَلِ الشَّيْطَانِ إِذْ قَالَ لِلْإِنسَانِ اكْفُرْ فَلَمَّا كَفَرَ قَالَ إِنِّي بَرِيءٌ مِّنكَ إِنِّي أَخَافُ اللَّهَ رَبَّ الْعَالَمِينَ. فَكَانَ عَاقِبَتَهُمَا أَنَّهُمَا فِي النَّارِ **خَالِدَيْنِ فِيهَا** وَذَلِكَ جَزَاءُ الظَّالِمِينَ﴾( الحشر ١٦ - ١٧)

واتـە: وەنمونـەیان وەك شـەیتان وایـە کاتێـك بـە ئـادەمیزاد دەڵێـت کافربـە، جـا کەکوفری کرد، پێی دەڵێت من بەریم لەتۆ من لە خـوای پـەروەردگاری جیهانـەکان دەترسم* بۆیە سەرەنجامی هـەردوکیان بـۆ نـاو ئـاگری دۆوەخـەو بـە هەمیشـەیی تیادەمێننەوە، ئەوەیە پاداشتی ستەمکارەکان.

وە دەفــەرموێت: ﴿وَقَالَ الشَّيْطَانُ لَمَّا قُضِيَ الأَمْرُ إِنَّ اللّهَ وَعَدَكُمْ وَعْدَ الْحَقِّ وَوَعَدتُّكُمْ فَأَخْلَفْتُكُمْ وَمَا كَانَ لِيَ عَلَيْكُم مِّن سُلْطَانٍ إِلاَّ أَن دَعَوْتُكُمْ فَاسْتَجَبْتُمْ لِي فَلاَ تَلُومُونِي وَلُومُواْ أَنفُسَكُم مَّا أَنَاْ بِمُصْرِخِكُمْ وَمَا أَنتُمْ بِمُصْرِخِيَّ إِنِّي كَفَرْتُ بِمَآ أَشْرَكْتُمُونِ مِن قَبْلُ إِنَّ الظَّالِمِينَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾( إبراهيم ٢٢).

واتە: کە هەموو شت کۆتای پێهات "لەودنیا" شەیتان "بە دۆزەخیەکان" دەڵێـت: خـوای گـەورە پـەیمانی ڕاسـتی پێـدان وەمـن پـەیمانی درۆم پـێ دەدان و پـەیمانم دەشکاند لەگەڵتاندا، هەرچـەندە مـن دەسـەڵاتکی واشـم نـەبوو بەسـەرتاندا بـەڵکو تـەنها بـانگم دەکـردن بـۆ ئەنجامـدانی خراپـەو ئێـوەش بـەگوێتان دەکـردم، بۆیـە سەرزەنشتی من مەکـەن بـەڵکو سەرزەنشـتی خۆتـان بکـەن، تـازە نـەمن دەتـوانم فریای ئێوە بکەوم و نەئێوەش دەتوانن بەفریای من بکـەون، تەنانـەت مـن خۆشـم بـڕوام بەوەنـەبوو کـە لـە ڕابـوردودا دەتـانکردم بـە هاوبەشـی خـوا، بەڕاسـتی ستەمکاران سزایەکی بە ئازاریان بۆ هەیە.

وە دەفـــەرموێت: ﴿وَقِيلَ لَهُمْ أَيْنَ مَا كُنتُمْ تَعْبُدُونَ * مِن دُونِ اللَّهِ هَلْ يَنصُرُونَكُمْ أَوْ يَنتَصِرُونَ * فَكُبْكِبُوا فِيهَا هُمْ وَالْغَاوُونَ * **وَجُنُودُ إِبْلِيسَ** أَجْمَعُونَ﴾( الشعراء ٩٢-٩٥).

واتە: بەدۆزەخییەکان دەگوترێت: کوان ئەوانەی کە دەتـان پەرسـتن* بێجگـە لـە خوا؟ ئایا یارمەتی ئێوەیان پێدەدرێت؟ یان دەتوانن فریای خۆیان بکەون؟* ئـیتر خۆیـان و گومڕاکـەرەکانیان دەپێچـرێنەوە بـۆ نـاو دۆزەخ* وە هـەموو سـەربازانی ئیبلیسیش پێکەوە" دەپێچرێنەوە بۆ ناو دۆزەخ ".

ئەوەتا خۆی و شوێنکەوتوانی بە هەتاهەتایی لە ئاگری دۆزەخدا دەمێننـەوە، ئایـا هەر ئەو ئیبلیسە نەبۆتە سەرمەشق و سەرکردەی حیزبەکەیان؟!

## چاو پێداخشانێکی خێرا:

وەئەگەر بگەڕێینەوە بۆ کتێبـە بەنرخـەکانی فـەرمودەی پێغەمبـەری خـواﷺ ئـەوا بەڵگەی  زۆر زۆرمان بەرچـاو دەکـەوێت دەربـارەی ڕاسـتی ئـەم مەسـەلەیە، بـەڵام تەنها لەبەر ئەوەی لێکۆڵینەوەکەمان زۆر درێـژە نەکێشـێت و دور نەکەوینـەوە لـە مەبەسـتەکەمان، تـەنها ئەوەنـدە بەسـە کـە بزانیـت کافرەکـانی شـاری مەککـەش بەدەوری کەعبەدا دەسوڕانەوەو خوا پەرستیان دەکر (بەو شێوە لارو خوارەی کـە خۆیان مەبەستیان بوو) وە لەپەیمانی حودەیبیەدا داوایانکرد لـە پێغەمبـەرﷺ کـە لەسەرەتای ڕێکەوتن نامەکەدا بنوسێت(بِاسْمِكَ اللَّهُمَّ).

وە "وەلیـدی کـوڕی مـوغیرە" هـەر چـەندە بـاوەڕی بـە قورئـانیش نـەبوو بـەڵام دەربارەی قورئـان دەیگـوت (إن له لحلاوة ، وإن عليه لطلاوة ، وإن أعلاه لمثمر ، وإن أسفله لمغدق ، وما هذا بقول بشر).(بەڕاسـتی تـام و چـێژو شـیرینییەکی تایبـەتی هەیە، سەروخواری بەروبوم و تـام وچـێژە، وە ئەمـە هـەرگیز قسـەی مـرۆڤ نییـە) کەچی بەرەنگاری پـەیامی پێغەمبەرەکـەیان دەکـردﷺ، ئایـا ئـەو دان پێدانانـەیان هیچ سودێکی پێگەیاندن؟!

وە "ئەبو تالیب"ی مامی پێغەمبەرﷺ دەیگوت:

وَلَقَدْ عَلِمْتُ بِأَنَّ دِينَ مُحَمَّدٍ* مِنْ خَيْرِ أَدْيَانِ الْبَرِيَّةِ دِينَا

دینی موحەممەد باشترین دینە* کەس نەیبینیوە چاکتر لەو دینە

ئایا ئەو زانینەی لە بازنەی کـوفر دەری هێنـاو بیخاتـەناو بازنـەی ئیمانـەوە؟ وەك دەزانین "ئەبو تالیب" بە بـێ بـاوەڕی سـەری نایـەوەو وە پێغەمبـەری خـواﷺ دڵ تەنگ بوو بە مردنی مامی لەسەر بێ باوەڕی، ئایا وا نەبوو؟!

وە جولەکەکان تەنانەت پێش هاتنی پێغەمبەرﷺ دەیان زانی کە ئەو پێغەمبەرەﷺ بەڕاست ڕەوانە دەکرێت و بەگوێرەی ئەو پێناسـەیەی کـە لەکتێبەکانیانـدا هـاتبوو

زۆر بەباشـی دەیانناسـی وەك خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿الَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ يَعْرِفُونَهُ كَمَا يَعْرِفُونَ أَبْنَاءهُمْ وَإِنَّ فَرِيقاً مِّنْهُمْ لَيَكْتُمُونَ الْحَقَّ وَهُمْ يَعْلَمُونَ﴾ (البقرة ١٤٦).

واتە: (ئەوانەی کتێبمان پێ بەخشیون "پێغەمبەر موحەممەد" دەناسن هەروەك چۆن ڕۆڵەکانی خۆیان دەناسن، کەچی تاقمێك لەوان ئەو ڕاستییە دەشارنەوەو خۆشیان چاك دەزانن "کە موحەممە نێردراوی خوایە" ).

کەچی ئەو زانیاریانەیان دەشاردەوە، ئایا تەنها بەزانینی ئەو ڕاستییە سودیان بەدەست هێنا لەلایەنی بیروباوەڕەوە؟!

هەروەها (أَبُو يَاسِرِ ی کوڕی أَخْطَبَ) بە (حُيَيّ ی کوڕی أَخْطَبَ)ی برای گوت:( أَهُوَ هُوَ ؟) ئائەوە پێغەمبەرەﷺ؟ گوتی بەڵێ ئەوە؟ جاچی بڕیار دەدەیت؟ گوتی:( عَدَاوَتُهُ وَاَللّهِ مَا بَقِيتُ)[1] سوێند بە الله هەتاکو ماوم دژایەتی دەکەم، جا ئایا ئەو داننانەی بە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەرداﷺ سودی پێگەیاند؟!

جارێك برادەرێك بۆی گێڕامەوە کە خۆی حەرەسی زیندانە، گوتی زیندانییەك حوکمی لەسێدارەدانی دەرچوبوو منیش بۆ دڵ نیایی، لە درزی دەرگاکەوە جار جارێك سەیرم دەکرد، کەچی بینیم زیندانیەکە " والعياذ بالله " سەری بەرز دەکردەوە بۆ سەرەوەو تفی دەکرد لە ئاسمان و لەگەڵ خوای گەورەدا دەدواو دەیگوت: تاوانی تۆبوو کەمنت والێکرد؟! جا ئایا ئەو دانپێدانەی بە بونی خواداو

[1] أخرجه ابن إسحاق في السيرة .

بانگ کردن و قسەکردن لە گەڵیدا، لە دوای ئەو سەرکەشی و کەللەڕەقی و کوفرو گومڕاییەی هیچ سودێکی هەیە بۆی؟! کە تەنانەت تاکو دواین ساتەکانی ژیانیشی هەر لەسەر گومڕایی خۆی بووە؟ ئایا ئەوە شەیتان هانی نەداوە ئەو کردەوەیەی لا جوان و ڕازاوە بکات بۆ ئەوەی بە بێ باوەڕی بمێنێتەوە؟!

**لەو بەڵگانەی سەرەو ئەمانەمان بۆ ڕون دەبێتەوە:**

١- زانیین و دان نان بە بونی خواو سوێند خواردن بەخوا لەلایەن شەیتانەوە نابێتە هۆی باوەڕبونی، ئەگەر وابێت دەبێت بڵێین هەرکەسێکی تریش وای کرد کافرنیە.

٢- کافر بوون چەندین جۆری هەیە، ئینکاری کردنی بونی خوا تەنها جۆرێکە لە جۆرەکانی.

٣- ئیمان هێنان تەنها بەداننان بەبونی خوادا نایەتەدی، بەڵکو دەبێت لەگەڵ داننان بەبونی خوادا گوێڕایەڵی و پابەندبون بە بەرنامەکەیەوەو ملکەچی دەربڕین بۆی و دان پیانانی بەزمان و هەستان بە فەرمانەکانی خوای گەورە بەئەندامەکانی لەش، ئەمانەش زاناکانمان لە باسی ئیمان و یەکخواپەرستیدا ڕونیان کردۆتەوە ئەگەر حەزتکرد بگەڕێرەوە بۆی.

٤- لە تەواوی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە کە زانایانمان لە تەفسیرکاران و جگەلەوانیش تەنانەت یەك زانای ڕاستەقینەمان نەبینیوە ئەو گوتە نابەجێیە بڵێت کە گوایە شەیتان ئیمانداره، تەنها لە کەسانێکی گومڕاو لادەر لە بیروباوەڕی ڕاستەقینەمان بیستووە وەك ئەوانەی باوەڕیان بە (الحلول والاتحاد) هەیە و لە گومڕاییەکی ئاشکرادان."وتەی بێ بنەمای ئەوانیش نابێتە بەڵگە".

## برای بەڕێز خوشکی ئازیز! لە دوای ئەوەی ئاشنابویت بەو بەڵگانە چەند شتێك هەیە کە پێویستە تێبینی بکەیت:

لەم ڕۆژگارەماندا دەبینین دژایەتی زۆرێك لە بنەماو ڕاستیەکانی دینەکەمان دەکرێت، بەداخەوە زۆرجار لەلایەن هەندێك لە بانگخوازانەوە، ئیتر خۆیان بزانن یان نا؟ وەکو:

١- دەبیستین کابرایەك کە بەناوی ئیسلامەوە دەدوێت دەڵێت: (أن آدم لیس أول البشر) ئادەم پێغەمبەر(علیه السلام) یەکەم مرۆڤ نییە کە خوای گەورە دروستی کردووە، ئەم گوتەیەشی پێچەوانەی قورئان و فەرمودەی صەحیح و کۆڕای سەرجەم موسوڵمانانە لە زانایان و جگە لەوانیش، تەنانەت پێچەوانەی کۆڕای سەرجەم گروپ و تاقمەکانی ناو بازنەی ئیسلامە، بگرە پێچەوانەی بیروڕای گاورو جولەکەکانیشە چونکە لە کتێبەکانیاندا ئەو ڕاستییە باس کراوە.

٢- دەبیستین کاکی بانگخواز دەڵێت: (الشیطان لیس بکافر) شەیتان کـافر نییـە ! جا وەکو ڕونمان کردەوە ئەم گوتەیە پێچەوانەی قورئـان و فـەرمودەی صـەحیح و کـۆڕای سـەرجەم موسـوڵمانانە لـە زانایـان و جگـە لـەوانیش، تەنانـەت گـاورو جولەکەکانیش دانیان ناوە بەم ڕاستیەدا.

٣- وە دەبیسـتین بانگخوازێـك دەڵێـت: (أن عذاب القبر ونعیمە لیس ثابتا) سـزاو خۆشی ناو گۆڕ ڕاست نییەو سەلمێنراو نییە، لە کاتێکدا کـە لەوبابەرەیـە "شـەش سەد" گێڕانەوەمان هەیە لە پێغەمبەرەوەﷺ، گێڕانەوەکان هێندە زۆرن لە علـومی حەدیسدا پێی دەگوترێت: ( التواتر المعنوی ).

٤- وەکەسی وایان هەیـە دەڵێـت: (أن الحجاب لا یلزم فیه تغطیة شعر الرأس، لأن هذە ضرورة عصر الرسالة لشدة الحر) داپۆشـینی سـەر لەلایـەنی ئافرەتـەوە ئـەوە ناگەیەنێت کە مووی سەری هەموو بشارێتەوە، چـونکە ئەوسـەردەمە تـەنها لەبـەر گـەرما بەپێویسـتیان زانیـوە، ئـەو ئایەتـەی خـوای گـەورەی لـە بیرنییـە کـە دەفەرموێت: ﴿وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَى جُيُوبِهِنَّ﴾( النور ٣١).

واتــە: ( بـا سەرپۆشـەکانیان جـوان بـدەن بەسـەر گـەردن و مـل و بەرۆکیانـدا) وەتەنانـــەت لـــە زمـــانی عەرەبیـــدا ووشـــەی (الخمـار) بەشـــتێك دەگوترێـــت

کەداپۆشەربێت، وە کەگوترا (خمر الشيئ) واتـە داپپۆشـی، هەربۆیـە بـە عـارەقیش دەگوترێت (الخمر) چونکە عەقڵ و ژیری مرۆڤ ناهێڵێت و دایدەپۆشێت.[1]

هەروەها سەرجەم ئوممـەتی ئیسـلام شـێوازی ئـەو داپۆشـینەیان زانیـوەو زانایـان بۆیان ڕونکردوینەتەوە کە پێویستە سـەرپۆش سـەرجەم سـەر دابپۆشـێت، کەچـی ئەو کەسە هاتووە لە دوای هەزارو چوارسەد ساڵ شتێکی نوێ و دینێکـی تازەمـان بۆ دەهێنێت کە هیچ بەڵگەیەکی لەسەر دانەبەزیوە لەلایەن خوای گەورەوە(ما أنزل الله به من سلطان).

٥- وە هەیانـە دەڵێـت: (أنه يجوز زواج المسلمة من الكتابي "نصراني أو يهودي") واتە: دروستە ئافرەتی موسـوڵمان مـارە بکرێـت لـە خـاوەنی کتێبـە ئاسمانیـەکان وەك گاورو جولەکە، کە ئەو گوتەیەشی پێچەوانەی قورئان و سوننەت و کـردەوەی ئوممەتی ئیسلامە بە درێژایی سەدەکانی پێشوو.

٦- وە هەیانە دەڵێت: (أن ختان المرأة ظلم عليها) خەتەنـە کردنـی ئـافرەت سـتەم کردنە لێی، ئەم گوتەیەش پێچەوانەی سوننەتی پێغەمبەرمانەﷺ کە فەرمویـەتی:( إِذَا الْتَقَى الْخِتَانَانِ وَجَبَ الْغُسْلُ.)[2] (هـەرکاتێك دوو خەتەنەکراوەکـە پێـك گەیشـتن ئـەوا خۆشـۆردن واجـب دەبێـت)، وە هــەروەها (أم عطية الأنصارية) دەڵێـت:

[1] لسان العرب لابن منظور ( ٥ / ٣٣٩ مادة : خمر.

[2] رواه الترمذي وقال الشيخ الألباني : صحيح لغيره.

**پێغەمبەرﷺ شێوازی خەتەنەکردنی ئافرەتی فێری ئافرەتان کردووە نەیفەرمووە نەکەن خەتەنە بکەن بەڵکو فەرمویەتی: (**لا تُنْهكي**)(زۆری لێ مەبڕن) وە گوتەی ئەو برادەرە پێچەوانەی گوتەی زانایانی ئیسلامە کە خەتەنەی ئافرەتیان بە شەرعی زانیوە، هەرچەندە خیلاف هەبووە لەسەر حوکمەکەی کە ئایا واجبە یان ڕێزلێنانە (**واجب أو مكرمة**)؟**

**جا وەکو گوتراوە:**

ولا يصح فى الأذهان شيئٌ

إذا احتاج النهار إلى دليل

**گەر ڕۆژی ڕوناك بڵێیت کوانێ خۆر؟**

**ژیریت کار ناکات نەکەم و نەزۆر !**

وصلى الله وبارك على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين والحمد لِله أولا وآخرا.